


هەرگیز زمان و ڕێنووسی کوردی، ڕۆژگاری وەک ئەمڕۆ سەخت و تاریکی بە خۆوە نەدیوە؛ ڕۆژگارێک، هەر بابای نەخوێندووی بڕوانامەی دوکتۆرا لە باخەڵی کوردینەزانە، بووە بە دەمڕاستی زمان و بە ئارەزووی خۆی پاچ لە بونیانی خەرابی کوردی دەدات.

بێسەروبەری لەگوێن خاشاک و داوەموو، زوبدەی مەتاعی حیکمەتیان خەسار کردووە؛ بوونەتە شاپڵیتەی نەفامی و دیوانی نالی و کەلامی مەوزوونی (خانی)یان سووتاندووە.

هەر کەناڵی تەلەڤزیۆن و وێستگەی ڕادیۆ و ماڵپەڕ و کۆڕ و کۆنفرانسی پووچ و بەتاڵن، ملەئاسا، شادەماری نەتەوەییمان دەکرتێنن.



کاکم «ئوستادی جامیعە»یە، ساڵانە دەیان گەنجی کورد لەبەر دەستیدا دەبنە خاوەن بڕوانامە، کەچی بۆخۆی نازانێ دوو ڕستەی کوردیی ڕاست بنووسێت! هێشتا جیاوازیی نێوان کوڕ و کووڕ، قولاپ و قووڵ ناکات. نازانێت (ێ) خستنەسەر بەری چ دارێکە، بەڵام لەهەر کوێ سیمینارێک، کۆڕێک، بەرنامەیەک سەبارەت بە پرسی زمان ساز بکرێت، ئەم بە خۆ و دەستەجلی شیک و بۆینباغی پانەوە ئامادەیە و بە ئامان و زامان بەرۆکی مایک و کامێراکان بەرنادات!

ئەگەر بەڕاست ئێمە ڕێنووسی ستانداردمان نییە، خۆ گوێی ستاندارمان هەس! مرۆ مەگەر قیروزفتی دە کونە گوێی پەستابێت، دەنا دەزانێ بوون، سوور، مێژوو، ڕووبار، لووت بە دوو (و) دەنووسرێن نەک یەک!

# پاچەکۆڵەی زمان!

ئەگەر لە سۆنگەی خۆبەزلزانین و خۆپەرستی و حەسوودییەوە نەبێت، خۆ دەبێ بزانێت جوانیی زمان، بەرزیی شاخ، سوورایی ئاسۆ، پیرۆزیی کوردستان ڕاستن، نەک جوانی زمان، بەرزی شاخ، سورای ئاسۆ، پیرۆزی کوردستان!

ئەوانەش هەموو بە قوربانی بەژن و باڵای زراڤ و بسکەی سمێڵی بۆیاغکراویان بێت، ئەدی سەبارەت بە عەرەبی بیرکردنەوە و کوردی نووسین چ دبێژن؟ کەی واز لە «هەستان بە ئەنجامدانی پرۆسەی وێرانکردنی زمانی کوردی» دێنن؟!

ئامانج شاکەلی

دەردی ئەم زەڕنەقوتە، ورگدڕاوە، بە هیچ تێرنەبووانە بێدەرمان نییە و دەشزانم کێ لە خشتەی بردوون، ئەمما چە سوود!